چیرۆکی وەرگێڕدراو



دوو چیرۆکی عەزیز نەسین

# کێ خاوەنی تەرەزانە؟

# سیخوڕ OX - 13

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

## کێ خاوەنی تەرەزانە؟



ئێمە، ماڵمان لە ماڵتەپەی ئەنکارەیە. ئەگەر ئەنکارەییش نەبین، ئەوا لە دانیشتووانی کۆنی شارین. سێهەم خانووی بنیاتنراو لە ماڵتەپەی گەڕەکی ئێمە، خانووی پوورمە. دوای ئەوەی پوورم تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشت و مرد، ئێمە لە خانووەکەی ئەودا نیشتەجێ بووین.

سەگێک لە گەڕەکەکەمان هەیە بەناوی تەرەزان. نازانین لە کوێوە و چۆن هاتووەتە گەڕەکی ئێمە؟ لەوانەیە هەر بە تووتکی لێرە

گێرسابێتەوە. کەسیش نازانێت تەمەنی چەند ساڵە. لە گەڕەک لە هەرکەسێک دەپرسیت لە وەڵامدا دەڵێت:

– کاتێک من هاتمە ئەم گەڕەکە، تەرەزان سەگێکی زل و زەبەلاح بوو.

بەڵام لەم قسەیەوە، بە کەمکردن و لێ زیادکردنیشەوە، تەمەنی تەرەزان ساغ نابێتەوە. هەژدە ساڵ بەسەر گوێزانەوەی ئێمەدا بۆ ئەم گەڕەکە تێپەڕی. ئەو کاتەی پوورم مرد و ئێمە لەمماڵە نیشتەجێ بووین، تەرەزان سەگێکی زل و زەلام بوو. بیست و یەک ساڵ بەسەر نیشتەجێبوونی مەمدۆح بەگی هاوسێماندا لەم گەڕەکە تێپەڕیوە. بە قسەی ئەوان، لە کاتی هاتنی ئەوانیشدا تەرەزان هەبووە و سەگێکی زەبەلاح بووە. بە قسەی ئەلیاسی بەقاڵ بێت، تەمەنی تەرەزان لە سی تێپەڕیوە، چونکە ئەو سی ساڵ لەمەوبەر هاتووەتە ئەم گەڕەکە و ئەو ڕۆژگارەش تەرەزان سەگێکی گەورە بووە.

مەمەد ئەفەندیی پاسەوانی هێڵی شەمەنەفەر دەڵێت لەمێژە تەرەزان چل ساڵی تێپەڕاندووە. کاتێک ئەوان لە ماڵەکانی سەرەتای ئەم گەڕەکەدا نیشتەجێ بوون، تەرەزان بەلانی کەمەوە سێ چوار ساڵان بووە.

پوورە دووڕییە بەردەوام دەڵێت ئەو لە تەرەزان گەنجترە. جا ئەگەر بەم حسێبەی ئەو بێت، دەبێت تەرەزان لەمێژ بێت پەنجا ساڵی تەمەنی بەڕێ کردبێت.

ناشزانرێت کێ ئەم ناوەی لە تەرەزان ناوە. ڕێک دەڵێیت ئەو خۆی بەگشت کەسێک دەناسێنێت و دەڵێت:

– من ناوم تەرەزانە.

تووکی کورت و زەردێکی بۆزە. نە زۆر بچووکە و نە زۆریش گەورە، سەگێکی ئاسایی و ماڵیی گەڕەکە. شەل نییە، بەڵام بەردەوام دەلەنگێت. منداڵانی گەڕەک بەردبارانی دەکەن و لێی دەدەن. هەرگیز نەبینراوە ئەو بەستەزمانە بەجارێک هەر چوار پەلی ساغ بوو بێت. بەزمی یەکەمی منداڵانی گەڕەکی ئێمە، تەرەزانە. سواری پشتی دەبن، تەرەزان نووزەی لێوە نایەت، پشت دەچەمێنێتەوە و هەوڵ دەدات منداڵەکەی سەر پشتی بگوێزێتەوە. منداڵان ئەمەش بەکەم دەزانن، ئەمجار دوودوو سواری پشتی دەبن. پشتی تەرەزان دەچەمێتەوە و لە زەوی دەنیشێت. پێنج شەش ڕۆژ بۆی ڕاست ناکرێتەوە، بە سکەخشکێ بە کۆڵانەکاندا دەڕوات.

منداڵانی بچــووکـتــری گــەڕەک کلکی ڕادەکــێـشن، بزمـار بـە ئێـرە و ئـەوێـیدا دەکــەن. تەرەزانیش وەک سەگ نا، چەشنی بەرخ ڕادەوەستێت. هەر کاتێک ئازاری زۆری پێ بگات، ڕوو بەلای ئەشکەنجەدەری خۆیدا وەردەگێڕێت و بە چاوانی قرێژ و ڕەنگ زەردی و بەنیگای پڕ لە ئازارەوە بۆی دەڕوانێت. هەر نەبێت، هاوارێکی تژە لە ئازاری لێ بەرز دەبێتەوە، بەڵام وەک دەنگی سەگ ناچێت.

بەچێـژترین گـەمـەی مـنداڵانی گـەڕەک ئەوەیە پێکەوە تـەرەزان بەردباران بکەن. جـاروبار لەپاڵ دیوارێکدا ڕایدەگـرن و دەیکەن بە نیـشـانـە. بەردی تێ دەگــرن و خــۆیان فــێـری نیشانشکێنی دەکەن. منداڵێکی بەدفەڕی گەورەی هەموویان هاواری کرد:

– نیشااااااااااااااااان!

سەرجەم منداڵانیش لە یەک کاتدا بەردەکانی دەستیان لە تەرەزان گرت. گوتم:

– ئەوە چی دەکەن؟

– گەمەی بەردەبارانێ دەکەین مامە.

مــەگـەر منداڵ نین! ئێ خۆ دەبێت گــەمـە بکەن. ئێمـەش لە منداڵیی خۆمـاندا بەمـجـۆرە گەمەمان بە تەرەزان دەکرد.

هەرچی دەکـرێت تەرەزان لە گەڕەکی ئێمـە دوور نـاکـەوێتـەوە. سـەگی بەوەفـای گـەڕەکی خۆمانە. لە گەورەکانیش خۆشەویستی نابینێت. گرتنی بەردێک بەلانی کەمەوە لە تەرەزان، وەک یەکێک لە ئەرکـەکـانی پێـوەنداری بۆ ئەم گەڕەکـە بۆ دانیـشـتووانی گـەڕەک حسـێب دەکـرێت. دەبا تـەرەزان بکەوێتـە بـەرپێ، شـەقـێکی تێ هـەڵدەدرێت و لـەسـەر زەوی تـەخت دەکـرێت. ئـاژەڵی گــلاو، بریـنداری ڕزیـو... ڕۆژێک نەمــبـینی برینی پێـوە نـەبێت. من و هاوڕێکانم لە سـەردەمی منداڵیی خۆمـاندا گوێیـەکانیمان بڕی بوو. ئەوانـەی دوای ئێمـەش کلکیان بڕی.

ناشـزانـرێت تەرەزان چۆن گەدەی خـۆی تێر دەکات. نە ئـەو لە گـەڕەکی ئێـمـەوە دەڕواتە شوێنێکی تر و نە هیچ کەسێکیش لە گەڕەکی ئێمە تیکەیەک نانی وشکی دەداتێ. ئاشکرا نییە چ دەخوات و چ دەخواتەوە. شتێکی وا بەخـەیاڵی کەسیشماندا نایەت.

مـاوەیەک کارمـەندانی شـارەوانی سـەگەلی کۆڵانیـان دەکوشت. ئایا هـیچ بینیـوتانە چۆن ئەم کـارە دەکرێت؟ بارهـەڵگرێک دێت و سەگکوژەکانی لێ دادەبەزن. ئامێری ئاسنینی دوو

مەتر درێژی هاوشێوەی مەقاش یان مقەستیان بەدەستەوەیە. هەردوو نووکی ئەم ئامێرانە مەقاشی تیژن. ئەم مەقاشە ئاسنینە دەکرێت بە ورگی سەگدا و دەستگیر دەکرێت. هەردوو نووکە تیژەکە دەچن بە ورگیدا. پاشان سەگی بریندار، بەدەم خوێن ڕۆیشتن لە برینەکانییەوە، فڕێ دەدرێتە بارهەڵگری سەرداپۆشراوەوە.

سەگکوژەکانی شارەوانی تەرەزانی ئێمەشیان بە مەقاش دەستگیر کرد. سەرجەم خەڵکی گەڕەک گردبووبوونەوە و تەماشامان دەکرد. کاتێک نووکە تیژەکانی مەقاشی ئاسنین چوون بە ورگی تەرەزاندا، وەک ئەوەی بگری، دەنگێکی لێوە دەرچوو. پاشان سەری وەرگێڕا و سەیری ئێمەی کرد. کابرای سەگکوژ تەرەزانی بە مەقاشەوە بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. ڕێک لەو کاتەدا کە دەبوو بیهاوێژێتە ناو بارهەڵگرەکەوە، شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا. تەرەزان بازی دا، بە سکی هەڵدڕاوەوە خۆی لە مەقاش ڕزگار کرد. بەدەم خوێن لەبەر ڕۆیشتنەوە تێی تەقاند و هەڵهات.

ڕۆژی دواتر دیسان تەرەزانمان لە گەڕەک دیتەوە. ماوەیەک بە برینداری گەڕا و بەسکەخشکێ ڕێی کرد. پاشان چاک بووەوە.

گازندە بەرز کرایەوە و گوترا کوشتنی سەگ بەمجۆرە و بە مەقاش دژ بە مرۆڤایەتییە. بۆیە دەستیان کرد بە بەکارهێنانی فیشەک بۆ کوشتنی سەگ. ڕۆژێک ڕاوچییانی سەگ هاتنە گەڕەکی ئێمەش. ئەمە ڕاوێکی زۆر بەچێژ بوو. سەگە خاوەندارەکان برابوونەماڵەوە.

لێدانی تەرەزان کارێکی دژوار نەبوو. فیشەکێک بەر شانی چەپی کەوت. لەسەر زەوی تەخت بوو. بەڵام ڕاوچییەکان بۆیان نەگیرا، هەڵهات.

دیسان بەبرینداری و داوەشاوی لە گەڕەک بینیمانەوە. ڕاوچییانی سەگ بە هەڵە لە سەگێکی خاوەنداریان دابوو و بگرە خاوەنێکی پایەداریشی هەبوو. لەمەوە حاڵی بوون کە ڕاوکردنی سەگ بە تفەنگیش کارێکی نامرۆیانەیە و دەست لەم شێوازەش هەڵگیرا. ئەمجار دەستیان کرد بە ژەهر پێدانی سەگ.

ئەوانەی ژەهریان دەرخواردی سەگەل دەدا، هاتنە گەڕەکی ئێمەش. پارچە گۆشتی ژەهراوییان بۆ سەگەکان فڕێ دەدا و دەرخواردیان دەدان. بە تەرەزانی خۆمانەوە، سێ سەگ لە گەڕەکی ئێمە گۆشتی ژەهراوییان خوارد. دوای کەمێک ئاژەڵەکان لەسەر زەوی تەخت بوون و دەستیان کرد بەلەقەفرتێ. دووان لە سەگەکان خاوەنیان هەبوو. هەوڵیان دا

مـاسـتی تێکەڵ بە ترش بە قـوڕگـیـانـدا بکەن و ڕزگـاریان بکەن، بەڵام سـەری نەگـرت و هەردووکیان تۆپین. تەنیا تەرەزان ڕزگاری بوو. هەموومان وامانزانی تۆپیوە، چونکە کەس هەوڵی ڕزگـارکردنی ئـەوی نەدابوو. تا شـەو لەو شـوێنـەی لێی کـەوتبـوو، لەقـەفرتێی کـرد. بەیانیی ڕۆژی دواتر بینیمـان تەرەزان هەستاوەتە سـەرپێ. منداڵان هـاواریان کرد: تەرەزان زیندووە... دەستیان کرد بە بەردباران کردنی.

خـێزانێکی ئەمـریکی گوێزایەوە بۆ گـەڕەکی ئێـمـە. لەگـەڵ گـوێزانەوەی ئەواندا، گـرێی بەخـتی تـەرەزانیش کـرایەوە. لەگـەڵ هاتنیـانـدا کـوڕی چوارده سـاڵەی کـابرای ئـەمـریکی دەسـتی کرد بە پێدانی خـواردن بە تەرەزان. پاشـان خـێزانی ئەمـریکی تەرەزانیـان بردە باخـچـەی مـاڵەوە. کولانەیەکیشیـان بۆ دروست کرد. تەرەزان لە مـاوەی سێ چوار مـانگدا گۆڕا. پێشتر پشتی بە پەراسووییەوە نووسابوو، ئێسـتا وەک فستقی لێ هـاتبوو. چاوانی و تووکـەکـانـی دەدرەوشـانەوە. بووبوو بە ئـاژەڵێکی تـەواو جـیـاواز... کـاتێک تەرەزان هـێندە جوان دەبوو، هەمـوومان لە بەرەوە خۆشـمـان دەویست. جا کێ ئاژەڵی جوانی خۆش ناوێت! منداڵەکـانی گـەڕەک فـێربوون نـانیـان فـرێ دەدایە بەردەمـی. تەنیـا نـان نـا، شـتی تریش... گۆشت بچووایەتە هەر ماڵێکی گەڕەکەوە، ژنی ماڵ ئێسکەکانی بۆ تەرەزان جیا دەکردەوە و بە کوڕەکەی دەگوت:

– ئەمانە ببە و بیدە بە تەرەزان!

ژمارەی ئەوانەشی تشریبیان لێدەنا و بۆ تەرەزانیان دەنارد، ڕوو لە زیاد بوون بوو.

– دەسـتـم بەدامـێن ئاو لە تـەرەزان نەبڕێت. ئـاژەڵ دەمی هـەیە، بـەڵام زمـانـی نـیـیـە. ئەو بەستەزمانە لە تینوواندا دەخنکێت.

– گۆشت ببەن بۆ تەرەزان.

ئەمـریکاییـەکـان دەسـتـیـان کـردبوو بەوەی بـە هـەر دوو سێ ڕۆژ جـارێک تەرەزانیـان دەشۆری. لە پاکیدا دەدرەوشایەوە.

ژنان دەیانگوت:

– دەستم بەدامێن تەرەزان بشۆرن...

زستـان هـات. ئەمریکاییەکان تەرەزانیان بردە ژێر زەمـینی ماڵەکەیان. بەڵام پێش ئەوەی ئەوان تەرەزان ببنە ژوورەوە، لە گەڕەک قسـە و قسـەڵۆک دەستی پێ کرد:

– ئەو ئاژەڵە لەبەر سەرما ڕەق دەکەنەوە...

– ئەرێ بەم زستانە تۆف و تووشە سەگ لە باخچە دەهێڵرێتەوە؟

زستان تێپەڕی. ئەمریکاییەکان لە سەرەتای بەهاردا بۆ ئەمریکا دەگەڕانەوە. بیستمان تەرەزانیش لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. لە گەڕەکی خۆمان قیامەت بەرپا بوو. هەر لە زەوی تا ئاسمان مافمان هەیە.

مەمەد ئەفەندیی پاسەوانی هێڵی شەمەنەفەر جۆشی سەند و گوتی:

– یەک بست لێرە دووری ناخەنەوە... سەگی گەڕەکێکە، ئەدی چۆن...

پوورە دووڕییە وەک کانی ئاو لە چاوانی دەهات و دەیگوت:

– لەسەر دەستی خۆم لەدایک بووە و گەورە بووە. من ناتوانم تەرەزان بدەم بەهیچ کەسێک. ئەوەبوو لێرە پێمان دان بۆ ئەوەی خۆشیان بوێت. چۆن دەبرێتە ئەمریکا؟ تەخت و تاراجیان بەسەریەکدا دەڕووخێنم.

ئەلیاسی بەقاڵ ڕاپەڕی و گوتی:

– کورە بابە سەگی کێ دەدەن بە کێ؟ جارێ ئەوە سەگ سەگی خۆمە. هێشتا بستۆکەیەک بوو گرتمە خۆم و بەخێو و گەورەم کرد.

مەمدۆح بەگ لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرترین کەسی گەڕەکی ئێمە بوو، بەگوێرەی یاسا هاتە قسە و گوتی:

– ناتوانن بۆ هیچ شوێنێکی ببەن. هیچ نیگەران مەبن!

پرسیمان: چۆن؟

– لەبەرئەوەی هەلومەرج دەست نادات... جارێ ئەوە تەرەزان لێرە لەدایک بووە و لێرە گەورە بووە و لەم گەڕەکە پێ گەیشتووە. چۆن دەبێت بیبەن بۆ وڵاتێکی بیانی! یەکەم؛ پاسپۆرتی نادەنێ... دوای ئەوەش...

گەڕەک ڕابووە سەرپێ. ئایتەنی داکتیلۆ گوتی:

– ڕۆڵەی شیرینم تەرەزان لە وڵاتی نامۆیی چی بکات؟ بە ئاو و بە هەوای ئەوێ ڕانەهاتووە... مرۆڤ بووایە بەهەرحاڵ، دەگەڕایەوە و دەهاتەوە. بەڵام ئایا ئاژەڵ دەتوانێت بگەڕێتەوە؟

لەبەر تەرەزان دوژمنایەتییەکی ترسناک لە دژی ئەمریکا باڵی بەسەر گەڕەکدا کێشا. هیچی وای نەمابوو لەو ڕووەوە کارەساتێک بقەومێت. قوتابییەکی زانکۆ لە گەڕەکەکەمان هەیە ناوی ئویزگویرە. خۆم گوێم لێ نەبوو، بەڵام دەڵێن لە چایخانە گوتوویەتی:

– کورە واز بێنن با بیبەن... هەر هیچ نەبێت ئاژەڵەکە ڕزگاری دەبێت...

هێندەی نەماوە کورە لە پەل و پۆ بخەن.

– وای وای... هەر هیچ نەبێت با ئاژەڵەکە ڕزگاری بێت ها...! ئەمە واتای چی؟...

کورە گوتبووی:

– ڕاوەستن. بەهەڵە لە مەبەستی من گەیشتن. با بۆتانی ڕوون بکەمەوە...

بەڵام سەر و چاویان بریندار کردبوو. ڕای کردبوو و بەزۆر خۆی ڕزگار کردبوو.

چووینە بەر دەرگای ماڵیان و دەستمان بە هاوار کرد:

– تەرەزانمان دەوێتەوە.

ئەمریکاییەکان بایەخیان پێ نەداین. موختار دەستی بەسەر کارەکەدا گرت. چووینە پۆلیسخانە و گوتمان:

– ئەمریکاییەکان تەرەزانی ئێمە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن!

کۆمیسەریش بەمە دڵگران بوو و گوتی:

– سەگ، سەگی خۆمانە. سکاڵا بنووسن و بمدەنێ! من ڕێ و شوێنی پێویست دەگرمە بەر...

تێکڕای خەڵکی گەڕەک هەریەکەمان سکاڵایەکمان بەناوونیشانی: "تەرەزان سەگی خۆمانە" نووسی. وەکو تریش، بەناوونیشانی "ئێمە دەستبەرداری تەرەزان نابین" لە گەڕەک واژۆمان کۆ کردەوە. هەرکەسێک بوو بە گەواهیدەری کەسێکی تر و خاوەندارییی تەرەزانیان بۆ یەکدی سەلماند. کار گەورەتر بووەوە. گەڕەکەکانی دەوروبەریش هاتنە ناوەوە. ڕۆژێک ئەمریکاییەکان شتومەکی خۆیان فرۆشت، ئیدی دەڕۆیشتن. ئێمە لەبەر دەرگای ماڵیان کۆبووینەوە. ئەوانیش تەرەزانیان هەڵدایە ئۆتۆمبیلی خۆیانەوە. بە ئەقڵی خۆیان دەچوونە فڕۆکەخانە و هەموو پێکەوە سواری فڕۆکە دەبوون. کابرای ئەمریکایی گوتبووی:

– پەنجا دۆلار دەدەم با سەگەکەم پێ بفرۆشن!

ئەم قسەیە هەموومانی تورە و کەللەیی کرد. بۆچی ئەم ئەمریکاییە دەیەوێت بە دۆلارەکانی گیرفانی هەرچیمان هەیە بیکڕێت؟

– نەک پەنجا دۆلار، سەد دۆلاریش بدەیت، هەزاریش بدەیت، دەستبەرداری تەرەزانی خۆمان نابین.

تەرەزانی جگەرگۆشەی بەستەزمانم بەنیگای نامۆیەوە بۆ ئێمەی دەڕوانی و وەک بڵێی بەزمانی حاڵ دەپاڕایەوە و دەیگوت:

– بەقوربانتان بم لە دەست ئەم ئەمریکاییانە ڕزگارم بکەن!

ژنان و منداڵان دەستیان بە هاوار و گریان کرد. پۆلیس گەیشت. ئەوان خۆیان لە بەسەرهاتی تەرەزان ئاگادار بوون. بەکابرای ئەمریکاییان گوت:

– مستەر، بۆتان نییە ئەم سەگە لەگەڵ خۆتاندا ببەن.

– بۆچی؟

– خاوەنی هەیە...

بەدەستی پۆلیس تەرەزانی خۆمان لە دەستی ئەمریکاییەکان ڕزگار کرد. ئەمریکاییەکان بەدەم ئاوڕدانەوە بۆ دواوە ڕۆیشتن. ئێستا تەرەزان سەگی خۆمانە. بە ماوەی دە ڕۆژ دیسان گەڕایەوە دۆخی جارانی، لەڕ بووە و ئێسکی پەراسووی دەرپەڕیوە. بریندار و پۆخڵ بووە. کتومت بووەتەوە بە سەگی گەڕەکی خۆمان. منداڵان لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردبارانی دەکەن بزمار بە ئێرە و ئەوێیدا دەکەن و سواری پشتی دەبن.

دوێنێ ئێوارە لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ ماڵ، بینیم منداڵان پەتیان لە پێی تەرەزان بەستووە و بە داردا هەڵیانواسیوە. چەقۆ و پارچە تەنەکەیان بەدەستەوە بوو. گوتم:

– چی دەکەن؟

توومەز مامۆستاکەیان لە قوتابخانە بۆقی سەربڕیوە و دڵی بۆقی پێشان داون. ئەوانیش دەیانویست ئەم تاقیکردنەوەیە لەسەر تەرەزان بکەن.

تەرەزان چەند ڕۆژێک بە برینداری و پۆخڵی سووڕایەوە. دوایی چاک بووەوە. ئێستا لە کۆڵانەکان بە سکەخشکێ دەڕوات و خۆی بە دار و دیواردا دەکێشێت.

# سیخوڕ OX - 13

سالآنێکی دوور و درێژ لە ڕۆژهەلآتی دوور و ولآتانی باکور و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست کاری سیخووڕیی کردبوو و چەندین کاری تێکدەرانەی ئەنجام دابوو. یەکێک بوو لە سیخوڕە هەرە گەورەکانی ولآتەکەی. بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، سەرکەوتنی هێندە گەورەی بۆ ولآتەکەی بەدەست هێنابوو، بەجۆرێک بەزیندوویی و بەر لە مردن پێگەیەکی گرینگی لە جیهانی سیخوڕیدا مسۆگەر کردبوو.

چووبووە ساڵەوە، بەلآم گەنج دەهاتە بەرچاو و زیت و بەخۆ بوو. ولآتەکەی، بەئومێدی ئەوەی سوودی زیاتری لێ وەربگرێت، ئەم سیخوڕە ناودارەی بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک کاری گرینگ ڕەوانەی تورکیا کرد.

لای ڕێکخراوی سیخوڕیی ولآتی خۆی کۆدناوی OX _ 13 پێ درابوو، بەلآم لە تورکیا ناوی خوازراوی ڕیشارد وەلینگ-ی بەکار دەهێنا. ڕیشارد وەلینگ پێش ئەوەی بۆ کار ڕووی لە هەر ولآتێک بکردایە، خۆی فێری زمانی ئەو ولآتە دەکرد. پێش هاتنیشی بۆ تورکیا، فێری تورکی بوو. توانایەکی بێ سنووری هەبوو لە زمان فێربووندا. چەند مانگێک دوای نیشتەجێبوونی لە تورکیا، تورکییەکەی خۆی زۆر باش پێشخست.

باشترین ڕێگا بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی، پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییە لەگەڵ ژنێک کە ئەو زمانە زمانی دایکی بێت. ڕیشارد وەلینگ بۆ ئەوەی لە ئەرکی نهێنیی خۆیدا لە تورکیا سەرکەوتوو بێت، پێویست بوو وەک تورکان تورکییەکی ڕەوان بدوێت و بۆ بەدەستهێنانی ئەم توانایەش دەبوو لەگەڵ ژنێکی تورکدا ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێت. ژنێکی گەنجی لەو بابەتەی دۆزییەوە. کاتێک هەنگاوەکانی زەماوەند وەک پێویست بەڕێی خۆیاندا دەچوونە پێشەوە، دایک و باوکی کچە مەرجی بوونە مسوڵمانی ڕیشارد وەلینگ-یان هێنایە گۆڕێ. ئەگەرنا، کچی خۆیان نەدەدایێ.

مسوڵمان یان جوو، کرستیان یان بودی، بەلای ڕیشارد وەلینگ-ەوە هیچ جیاوازییەکی نەبوو. بەلآم ئەم بیرکردنەوەیەی لە ڕووی نەبوونی زانیارییەوە بوو. لەوانەیە بەلای سیخوڕی بەناوبانگ OX _ 13ەوە جیاوازی لە نێوان ئاینەکانی تردا نەبێت، بەلآم کاتێک مرۆڤ دەچێتە سەر ئاینی ئیسلام، ڕەوشی پیاوان دەگۆڕێت. سیخوڕ OX _ 13 بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە مسوڵمان، پێویست بوو ئەو پارچە بچووکەی لەشی، کە مسوڵمانان بە زیادەی دەزانن، بەبڕین بدات و فڕێی بدات. بەڕێز ڕیشارد وەلینگ بە عەشقی ئەرکەوە ملی بۆ ئەم

نەشتەرگەرییە ئاینییەش چەماندەوە. لەبەرئەوەی چووبووە ساڵەوە، خەتەنەکردنی بەڕێز ڕیشارد وەلینگ کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، بەڵام سیخوڕی بەناوبانگ هەموو جۆرە گیانبازییەکی لەبەرچاو گرت و بە سەرجەم تەدارەکە ئاینییەکاندا تێپەڕی. ناوی خوازراوی خۆیشی لە ڕیشارد وەلینگ-ەوە گۆڕی بۆ ڕەشاد وەلی. ئیدی دەوروبەرێکی بۆ خۆی پێکهێنابوو کە دەیتوانی بە ئاسوودەیی کاری تێدا بکات.

ئەگەرچی بەدەگمەنیش بێت، بینیومانە ڕووداوی وا هەبووە لە پڕ مرۆڤی گۆڕیوە. بوون بەمسوڵمان و چوونە ناو تورکان و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریش لەگەڵ ژنێکی تورکدا، لەپڕ تێڕوانینی بەڕێز ڕەشاد وەلیی بۆ جیهان گۆڕی. تا زیاتر لە نزیکەوە ئەو مرۆڤانەی دەناسی کە لە ناویاندا دەژیا، دەیبینی مرۆگەلێکی فرە باش و میهرەبانن. سیخوڕی بەناوبانگی چەندین ساڵە، بۆ جاری یەکەم نەفرەتی لە ئەرکی خۆی دەکرد. ئەو نەیدەتوانی خراپەکاری لە دژی ئەم مرۆڤە دڵپاکانە ئەنجام بدات. باوەڕ ناکرێت دڵی لە ماوەی چل ساڵدا بەبەردبووی سیخوڕێک نەرم بێتەوە، بەڵام بۆ هەر ڕێسایەک هەڵاوێردەیەک هەیە. هەمان شت لە ڕەشاد وەلیش ڕووی دا. بەهۆی مرۆڤە دڵسافەکانی ئێرەوە هەناوی ئەویش پڕ بوو لە چاکە.

ڕۆژێک بڕیاری دا بچێتە بەڕێوەبەرایەتی قەڵاچۆکردنی سیخوڕی و خۆی بەدەستەوە بدات. بەنیاز بوو بچێت لەوێ ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا بکات و پەردە لەسەر ئەرکە شاراوەکانی هەڵبداتەوە و بڵێت دەستی لە سیخوڕی هەڵگرتووە. نیازی وابوو لەمەودوا لەگەڵ ژنەکەی و ئەم مرۆڤە خوێنشیرین و دڵسافانەدا لە هێلانەی خێزانی بەختەوەردا بژی.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێک چوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی قەڵاچۆکردنی سیخوڕی. ماوەیەک بەباڵەخانەکەدا گەڕا. ئەگەر کاربەدەستان بۆیان ئاشکرا بێت ئەم سیخوڕە، مەگەر خوا بزانێت چۆن سەریان سووڕ دەمێنێت و لەوانەیە یەکسەر دەستگیری بکەن و دواتریش بیخەنە بەر لێپرسینەوەی دوورودرێژ. بەڵام ئەو خۆی ئامادە کردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شتێک بەسەری بێت.

لە دەرگای ژوورێکی نهۆمی دووەمی دا. چووە ژوورەوە. فەرمانبەری پشت مێزەکە لێی پرسی چی دەوێت. ڕەشاد وەلی لەبەرئەوەی دەیویست بێ پێچ و پەنا بچێتە سەر بابەت، ناوی ئەو وڵاتەی دا کە کاری بۆ دەکات و گوتی سیخوڕی ئەوێیە.

"ئەویٚ"، "ئەو وڵاتە" لەکن فەرمانبەر ئەوەندە گرینگ بوو، کاتێک ناوی ئەو وڵاتەی بیست هیچ بایەخی بە وشەی "سیخوڕ" نەدا. لەبەرئەوەی تەواوی سەرنجی چووبووە سەر ناوی ئەو وڵاتە گەورەیە، لەوانەیە وشەی سیخوڕی هەر بەرگوێش نەکەوتبێت...

کاتێک ڕەشاد وەلی بینی ئەو فەرمانبەرەی بەرامبەری نیشانەی سەرسوورمانی لێ بەدی ناکرێت، جارێکی تریش گوتی کە سیخوڕی ئەوێندەرێیە.

فەرمانبەر لە شوێنی خۆی هەستا، دەستی درێژ کرد، دەستی سیخوڕ OX - 13 ی گوشی، شوێنی دانیشتنی پێشان دا و گوتی:

– خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان بەڕێزم. فەرموون تکایە دانیشن...

بەڵێ، بەڵێ، ڕەشاد وەلی هەرگیز لەمەڕ ئەم مرۆڤانە بە هەڵەدا نەچووبوو؛ مرۆگەلێکی هێندە دڵسافن تەنانەت بەڕووی خۆشەوە پێشوازی لە سیخوڕیش دەکەن و شوێنی دانیشتنی پیشان دەدەن. دانیشت فەرمانبەری پایەبەرز جگەرەی پێشکێش کرد. ڕەشاد وەلی گوتی:

– بە سیخوڕ OX _ 13 دەناسرێم. ناوی ڕاستەقینەم ڕیشارد وەلینگە...

یارۆی فەرمانەبەریش دوای ئەوەی ناو و پیشەی خۆی پێ گوت، گوتی:

– ئایا داخوازێکتان لە ئێمە هەیە؟

ڕەشاد وەلی چاوەڕێ بوو فەرمانبەر سەری سوڕ بمێنێت، کەچی خۆی واقی وڕما. وای بۆچوو کابرای فەرمانبەر حاڵی نەبووبێت، بۆیە جارێکی تریش گوتی:

– من سیخووڕم!

فەرمانبەر گوتی:

– توخوا! زۆر جوانە... دوای بیرکردنەوەیەکی کورت پرسی: ئایا کارێکت لە ئێمە دەوێت؟

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی ڕەشاد وەلی بکات، دۆستانە دەستی خستە سەر پشتی و گوتی:

– کەوابوو دەچن و فەرمانبەری ئەو ژوورەی نهۆمی دووەم، کە ژمارە ٣٣٨ لەسەر دەرگاکەی نووسراوە، دەبینن.

ڕەشاد وەلی لەو ژوورە چووە کن ئەو فەرمانبەرەی کە پێی گوترابوو و لەوێش گوتی

سیخوڕە. کابرا بەڕوویەکی بەدەربەستەوە لێی پرسی:

– سیخوڕی چی؟ واتا لە کام بوارانەدا سیخوڕی دەکەن؟

ڕەشاد وەلی گوتی:

– کاری تێکدان، هەرە زیاتریش کاروباری تەقینەوە...

کابرا گوتی:

– ئەو بوارەمان پڕە لە کارمەند، بگرە کارمەندمان لێ زیادە. ناتوانین کارتان بدەینێ...

سیخوڕی ئارام و خوێنساردی چەندین ساڵە تووڕە بوو، دەنگی بەرز کردەوە و گوتی:

– پێتانم گوت من سیخوڕم!

فەرمانبەرەکە بە خوێنساردی گوتی:

– ڕێی تێ دەچێت، بەڵام ئێمە چی بکەین؟ دەتانەوێت بڵێن سیخوڕن بۆ ئەوەی ئێمە پارێزگاریتان لێ بکەین؟

– من پێتان دەڵێم سیخوڕم. ئایا فەرمانبەرێک لێرە نییە بەدەم منەوە بێت؟ هەرچی نەخشەی نهێنی هەیە دەتاندەمێ...

فەرمانبەر گوتی:

– هاااا، ئەوە شتێکی ترە... کەوا بوو بێ ئەرک بچنە نهۆمی سێیەم. ئەو فەرمانبەرە ببین کە لە ژووری لای ڕاستی کۆتایی ڕێڕەوەکە کار دەکات. ئەو بە کاروباری تەقینەوە ڕادەگات.

ڕەشاد وەلی چووە ئەو شوێنەی کە پێی گوترابوو. لەوێ بە کابرای فەرمانبەری گوت:

– بەڕێزم، من سیخوڕم!

فەرمانبەر بێ ئەوەی سەر لەسەر نووسینەکەی بەردەمی هەڵگرێت، پرسی:

– کێ ئێوەی نارد؟

– خۆم هاتم.

فەرمانبەرەکە سەری هەڵبڕی و دووبارە پرسی:

– واتا کێ ئێوەی بۆ لای من نارد؟

– فەرمانبەری ژووری ٣٣٨ گوتی ئێوە بە کاروباری تەقینەوە ڕادەگەن.

– بەڵێ، بەڵام تەقینەوەی وەک چی؟

– تەقاندنەوەی پرد و شتی لەو بابەتە...

– پردتان گوت؟

– بەڵێ.

– ئێوەیان بە هەڵە ناردووە بەڕێزم. ئێمەش لێپرسراوی کاروباری تێکدانین، بەڵام تێکدانی پرد نا...

– باشە، بچمە لای کێ؟

فەرمانبەر، کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی کات دەسکی قەڵەمەکەی لە نێوان ددانەکانیدا دەجوو، بەدەم منگە کردنەوە گوتی:

– پرد، پرد، پرد...

پاشان گوتی: بچنە نهۆمی چوارەم و لەوێ بپرسن کێ تایبەتمەندی کاروباری تێکدانی پردە...

– ئایا ئەوان دەزانن؟

– بێگومان، لە هەرکەسێک بپرسن، پێشانتان دەدات...

سیخوڕی ناسراو، وای کرد وەک ئەوەی پێی گوترابوو. بەکابرای تایبەتمەندی کاروباری تێکدانی گوت سیخوڕە و بۆ کاری تێکدەرانە بۆ ئێرە ڕەوانە کراوە و لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە کە بەنیازە کام پردانە بتەقێنێتەوە.

کابرا پرسی:

– کام جۆرە پردانە؟

ڕەشاد وەلی چی دیکەی نەمابوو بتەقێتەوە. گوتی:

– پردە ناسراوەکان و بڕایەوە...

فەرمانبەر بۆی ڕوون کردەوە:

– واتا پردی تەختە، پردی چیمەنتۆ، پردی بەردین، پردی ئاسنین، پردی هەڵواسراو، پردی پایەدار، یاخۆ پردی هێڵی شەمەنەفەر؟ پرد زۆرن... ئێمە بۆ هەر جۆرێکی پرد نووسینگەی جیاوازمان هەیە.

ڕەشاد وەلی گوتی:

– هەرە زیاد پردی ئاسنین...

– هاااا، ئێستا ڕوون بووەوە. ئەگەر وابێت، ئێوە بە هەڵە هاتوونەتە کن من. بە ئەرک نەبێت تا نهۆمی پێنجەم بچن. لەوێ بچنە ژووری ژمارە ٦٠١. سڵاوی من بگەیەنن بەکارمەندی ئەو ژوورە. ئەو غەمی کاری ئێوە دەخوات.

ڕەشاد وەلی، واتا ڕیشارد وەلینگ بەئومێدێکی زۆرەوە چوو بۆ ئەو ژوورەی نهۆمی پێنجەم کە پێی گوترابوو. جارێکی تریش هەموو شتێکی لە نووکەوە گێڕایەوە. فەرمانبەری پایەبڵندی بەرامبەریشی بێدەنگ بوو، پێ دەچوو بیر لەوە بکاتەو کە پێویستە چی بکرێت. لەپڕ وەک ئەوەی بیری کەوتبێتەوە، تەلەفۆنی کرد و گوتی:

– گەورەم، کەسێک هاتووە دەڵێت سیخوڕە و کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدات و هەرە زیاد پردی ئاسنینی تەقاندووەتەوە. چی بکەین؟ فەرمانتان چییە؟

ڕەشاد وەلی چاوەڕێی دەکرد ئێستا زەوی بلەرێتەوە و دەمودەست دەستگیر بکرێت و بخرێتە بەر لێپرسینەوە. کابرای کارمەند لە تەلەفۆنەکەدا گوتی: "سەر سەرم گەورەم." ئەمەی گوت و تەلەفۆنی دانا.

فەرمانبەری پایەبڵند بە ڕەشاد وەلیی گوت:

– هەرە باش، وەک بەڕێز بەڕێوەبەریش گوتی، بچنە نهۆمی سەری سەرەوە. لەوێ هاشم بەگێک هەیە، ئەو ببینن...

ڕەشاد وەلی ئەوەی کرد کە پێی گوترابوو. جارێکی تریش هەموو شتێکی لە نووکەوە بۆ هاشم بەگ گێڕایەوە.

هاشم بەگ گوتی:

– پردی ئاسنین هەرە زیاد بە چی دەتەقێننەوە؟

سیخوڕ، کە لەبەر تووڕەبوون ڕووی سوور هەڵگەڕابوو، هاواری کرد:

– سا بە هەرچییەک بێت، بە تۆ چی؟

کابرای فەرمانبەر بە نەرمی گوتی:

– تکاتان لێ دەکەم هەڵمەچن، هەم دەڵێن سیخوڕن و هەم تووڕەش دەبن. کەسانی تووڕە پیشەی ئێمەیان پێ بەڕێوە نابرێت. لەبەر ئەوەی کارئاسانیتان بۆ بکەم دەپرسم. بەشی تایبەتمەندی کاروباری گڕدان لە ڕێی فتیلەوە لە بەشی تایبەتمەندی گڕدان لە ڕێی وایەری کارەباییەوە جیاوازە. هەر بوارێک شارەزای خۆی گەرەکە.

ڕەشاد وەلی، کە ڕۆحی گەیشتبووە کوونە لووتی، گوتی:

– من بە کارەبا و بە فتیلەش بۆمبا گڕ دەدەم... سیخوڕم، سیخوڕم، سیخوڕم، ئەوەندە و بەس...

– ئێ دە وا بڵێن بەڕێزم. کەواتە بە هەڵە هاتوونەتە لای من. تکایە دابەزنە خوارەوە بۆ نهۆمی یەکەم. بچنە ژووری سێیەمی دەستەڕاست. دەردی خۆتان بۆ ئەوانەی ئەوێ بگێڕنەوە.

ڕەشاد وەلی دابەزی بۆ نهۆمی خوارەوە. چووە ژووری سێیەمی دەستەڕاست. وەک دوایین ئومێد جارێکی تریش گشت شتێکی لە سیرەوە تا پیاز گێڕایەوە. کابرای فەرمانبەر، کە خەریک بوو لەو کاتەدا پاڵتۆکەی لەبەر دەکرد، لەتاو بێزاری چارەی گرژ کردبوو. دوای سەیرکردنی کاتژمێرەکەی دەستی گوتی:

– باشە، جوانە بەڕێزم، بەڵام بۆ هێندە دواکەوتن؟ وا خەریکە کاتی کار بەسەر دەچێت و فەرمانگە دەست لە کار هەڵدەگرێت. کارەکەی ئێوەش گرینگە و درێژە دەخایەنێت.

ڕەشاد وەلی گوتی بەدرێژایی ڕۆژ بە ئێرە و ئەوێی فەرمانگەدا سووڕاوەتەوە، بۆیە دواکەوتووە. فەرمانبەر، کە تا دەهات دەنگی بەرزتر دەکردەوە، گوتی:

– تێ دەکەم، تێ دەگەم... بەڵام سا هەر چۆنێک بووە ئایا ناتوانن سبەینێ زوو بێنەوە؟

ڕەشاد وەلی ویستی دەست بە قسە بکات و گوتی: بەڵام...

کابرای فەرمانبەر بەپشتی دەستی پاڵی بە هەواکەوە نا بەرەو ڕەشاد وەلی و گوتی:

– تکا دەکەم سبەینێ زوو وەرنەوە!

ڕیشارد وەلینگ، بەناوی ئێرەی: ڕەشاد وەلی، سیخوڕی ناسراو OX _ 13 بەدەم ڕێکردنەوە لە شەقام ناچار بوو بکەوێتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە. سیخوڕ OX _ 13ی بێچارە بەناڕەزای دڵ درێژەی بەئەرکی سیخوڕی دا.